لەدەرەوەی بازنەدا

# ئەمە تاكسییە
# یان ئۆتۆمبێلی سەرۆك وەزیران!



نەوزاد عەلی ئەحمەد ــ سوید
nawzad.ali@hotmail.com

ئەمرۆ چەندان كۆمپانیای گەورەی تاكسی لەسوید بەگشتیو لە ستۆكهۆڵمی پایتەختدا بەتایبەتی هەیە، بەلام لەهەموویان كۆنترو بەناوبانگتر كۆمپانیای تەكسی ستۆكهۆلمە و دەڵێن زیاتر لە ١٠٠ ساڵە دامەزراوە ودەزگاكانی حكومەت و كۆمپانیا گەورەكان مامەلە لەگەڵ كۆمپانیای ناوبراو دەكەن.

تاكسییەكانی سوید، بەتایبەتیش تاكسییەكانی كۆمپانیای ستۆكهۆڵم(من زانیارییەكانم لە تاكسییەكانی ئەو كۆمپانیایە كۆكردۆتەوە) بۆ سەلامەتی شۆفێر و نەفەرەكانی چەندان ئامێری تایبەتیو حەساسی تێدایە.

كامێرایەكی زۆر بچووكی تێدایە كەنەفەر هەستی پێناكات، لەكاتی سواربوونو دابەزینی نەفەرەكە دوو وێنەی دەگرێتو وێنەكانیش تا سێ مانگ هەڵدەگیرێن، ئەو كامێرایانە وابەستەن بە ئۆفیسی كۆمپانیاكە. هەر تاكسییێك تەلەفۆنێكی تێدایە، ژمارەی تەلەفۆنەكە هەمان ژمارەی تاكسیەكەیە.

بێجگە لە رادیۆی ئاسایی، هێلێكی رادیۆی لۆكاڵی تێدایە، كە بریتیە لە ئێستگەی رادیۆی كۆمپانیاكەو لە هەواڵو بابەتەكانیدا زیاتر گرینگی بە كارو بارەكانی كۆمپانیاكەی دەدات.

هەر تاكسییەك كۆمپیوتەرێكو هێڵێكی ئەنتەرنێتی تێدایە كە راستەوخۆ بە ئۆفیسی كۆمپانیاكە بەستراوە، بەهۆی ئەو ئامێرە، شوێنی نیشتەجێ یان ئاراستەی سەفەركردنی نەفەرەكان بەئاسانی دەدۆزێتەوە، هەر بەهۆی ئەو كۆمپیوتەرە ئۆفیسی، تاكسیەكان ئیش(نەفەر) بۆ شۆفێرەكان دەدۆزێتەوە، هەروەها دوگمەیەكی تیایە تەنیا شۆفێر دەزانێت لە كوێیە، لەكاتی رووداوێكدا كە شۆفێرەكە دوگمەكەی داگرت یەكسەر پۆلیس و ئۆفێسی كۆمپانیاكە دەزانن تاكسیەكە لەكوێیە.

تاكسی هەیە، پێی دەگوترێت هاورێی تەنگانە. كاتێك كە شۆفێر كەوتە تەنگانە، تاكسی هاورێی تەنگانە دەگەنە شوێنی رووداوەكە.

هەروەها كۆمەڵێك ئامێرو پێداویستی تریشی تێدایە.

من تەنیا كۆمەڵێك نیشانەی وردم خستە بەرچاو كە رەنگە لەلای خوێنەرانم لەكوردستان جێگای سەرنج و لێبووردنەوە بن، هەروەها پێویستە ئەوەش بزانن كە تاكسیەكانی سوید بریتین لەدوا مۆدێلی ئۆتۆمبێل بە تایبەتیش لەجۆری ڤۆڵڤۆ.

لەكۆتاییدا دەپرسم ئەرێ ئەمە تاكسیە، یاخود ئۆتۆمبێلی سەرۆك وەزیرانە، كە باوەرناكەم ئۆتۆمبێلەكەی سەرۆك وەزیرانی كوردستان بە سوود وەرگرتن لە تەكنەلۆژیا لە تەكسییەكانی سوید لەباری ئەمنییەوە پارێزراوتربن.